Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

# Sufism in the poetry of Malay Jabari

**Diar Mardan Mhamad**

College of Education, Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq

تاريخ الارسال 2024-10-09 تاريخ التعديل : 2024-12-07 تاريخ القبول 2024-12-08

diar.mardan@chu.edu.iq

**Abstract** In this research ،focus has been focused on Sufi poetry ،Sufi poetry has an ancient history in Kurdish literature ،many famous Kurdish poets in different eras have recorded Sufi poetry in their pages. Malay Jabari is one of the poets who wrote Sufi poetry in his diwan in the nineteenth century ،the days in which the poet lived ،the Sufism of Pantheism has occupied a wide range of religious beliefs of the people of the region and both Qadiri and Naqshbandi The vastness of Sufism in the region has been in the development of continuous conflict ،and the poet has skillfully followed The Sufism's approach and is clearly reflected in his poetic texts.

**Key words**: Malay Jabari, Poetry, Sufis, god, wine, perdition .

# تصوف في أشعار ملا جباري

**ملخص** في هذا البحث تم التركيز على الشعر التصوفي، فالشعر التصوفي له تاريخ عريق في الأدب الكردي، وقد سجل العديد من الشعراء الأكراد المشهورين في عصور مختلفة الشعر الصوفي في صفحاتهم، والملا الجباري هو أحد الشعراء الذين كتبوا الشعر الصوفي في ديوانه في القرن التاسع عشر، الأيام التي عاش فيها الشاعر، أخذت منهج التصوفية مساحة الواسعة في المعتقدات الدينية لأهل المنطقة و كل من طريقة قادرية والنقشبندية هما طريقتين ودائرتين متسعة من التصوف في المنطقة كانا في تطور ونمو وصراع مستمر، وقد اتبع الشاعر بمهارة منهج التصوف وانعكس بوضوح في نصوصه الشعرية.

الكلمات المفتاحية: ملا الجباري، شعر، التصوف، شراب، فناء.

# سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جەباریدا

دیار مردان محمد*

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر شیعری سۆفیگەری، شیعری سۆفیگەری خاوەن مێژوویەکی دێرینە لە ئەدەبی کوردیدا، چەندین شاعیری ناوداری کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا شیعری سۆفیگەرییان لەنێو دیوانەکەیدا تۆمارکردووە، مەلای جەباری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەسەدەی نۆزەدەهەمدا شیعری سۆفیگەری لە دیوانەکەیدا جێکردۆتەوە، ئەو سەردەمەی کە شاعیری تێدا ژیاوە ڕێبازی سۆفیگەری پانتاییەکی فراوانی لە بیروباوەڕی ئاینی خەڵکی ناوچەکە داگیرکردووە و هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی کە دوو ڕێبازو بازنەی بەرفراوانی سۆفیگەرین لە ناوچەکەدا لە برەوسەندن و گەشەکردن و ململانێی بەردەوامدا بوونە، شاعیر لێزانانە ڕێبازی سۆفیگەری پەیڕەوکردووە و بەڕوونی لەناو دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**کلیلەوشەکان:** مەلای جەباری، شیعر، سۆفیگەری، ساقی، مەی، فەنابوون.

**پێشەکی:**

شیعری سۆفیگەری پانتاییەکی فراوانی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی داگیرکردووە، کە زۆرێک لە نەتەوەکان خاوەنی ئەم جۆرە بەرهەمەن، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە دەبینین چەندین شاعیرێکی کورد لە کۆن و نوێدا شیعری سۆفیگەرییان تۆمارکردووە، ئەم بەرهەمە شیعرییانە گرنگ و پڕبایەخن لە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک، نەتەوەی کورد بە تایبەتی، چونکە لە ڕێگای ئەو بەرهەمە شیعریانەوە دەکرێت بەشێک لە بابەتی شیعریی سۆفیگەری نەتەوەکەمان بە دنیای دەرەوە بگەیەنین و پیشانی بدەین، توێژینەوەی زیاتر لە بەرهەمی شیعری سۆفیگەری پێویست و گرنگن، چونکە لەڕێگای ئەم بەرهەمانەوە دەگەینە بە کۆمەڵێ ڕاستی دەربارەی بیروباوەڕی ئاینی گەلەکەمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە "سۆفیگەری لە شیعری مەلای جەباریدا".

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی " وەسفی - شیکاری".

* جامعة جرمو – كلية التربية

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم، تیایدا باسی سۆفیگەری بەگشتی کراوە. بەشی دووەم کورتەیەک لە ژیانی شاعیر و شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیر باس کراوە، دواتریش ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێك خراوەتەڕو

## بەشی یەکەم:

## سۆفیگەریی:

سەبارەت بە پێناسەی سۆفیگەری: "سۆفیگەران خۆشیان بڕوایان وایە کە ئاسان نییە بتوانرێت بەووردی سنورێک بۆ بیروباوەڕی سۆفیزم-تەسەوف دیاری بکرێت و پێناسەیەکی تەواو و هەمەلایەنی بۆ بکرێت، بۆیە ئاساییە گەر دیدو بۆچوونەکان لە بارەی سۆفیزم وپێناسەکانیەوە لە یەکتر جیاوازبن". (عەلی رسول ٢٠٠٨، ل ٢٥). لەگەڵ ئەوەی زۆر پێناسەی سۆفیگەریی کراوە، بەڵام ناتوانین بگەینە پێناسەیەکی تەواو و جێگیر بۆ چەمکی سۆفیگەریی، چونکە سۆفیگەریی پەیوەندی بە ڕێبازێکی ئایینییەوە هەیە، هەر کەسەو یان هەر سۆفییەو لە بیروبۆچون و تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای قورسی پێناسەکردنی ئەم چەمکە توێژەران و ئەوانەی لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم چەمکەیان ناساندووە. ابو حفظ دەڵێت: سۆفیگەریی بریتییە لە ئاکارو ڕەوشت، بۆ هەموو بارودۆخێک ئاکارو ڕەوشتی تایبەتی هەیە، هەرکەسێک پابەندی ئەو ئاکارو ڕەوشتانە بێت دەگاتە پلەی سۆفیگەرێتی، بە پێچەوانەشەوە دوردەکەوێتەوە، هەرچەندە خۆشی وابزانێ نزیکە و یەکێکە لەوان، گۆتە دەڵێت: سۆفیگەریی لێکۆڵینەوەی دڵەو دیالۆگی هەستەکانە، یا ویژدانی هۆشە. (وەسمان ٢٠١٣، ل ١١٠).

شاهی نەقشبەندی محمد بهاءالدين دەڵێت: سۆفیگەریی سەرتاپای بریتییە لە ئەدەب، جونەیدی بەغدادی دەڵێت: سۆفیزم بریتییە لە مردن و ژیانەوەی مرۆڤ لە پێناو زیکرو یادی خودا، ئەبو محمد حەریری دەڵێت: سۆفیزم پەیرەوکردنی هەموو ڕەوشتێکی باشە و دورکەوتنەوەیە لە هەموو ڕەفتارێکی خراپ. (شێخ علاالدين ٢٠٠٢، ل ٨٧)، سۆفیگەریی بریتییە لە شارەزا بوون لە ڕاستییەکانی ئیمان و قورئان لە ڕێگەی ڕەفتار-ڕەوشتی ڕوحییەوە، لە ژێر پەیامی پێغەمبەردا دەستدەکەوێت. (الشيخ خالد مفتى ١٩٩٧، ل ٦٦).

سەبارەت بە کەسایەتی سۆفیش وتراوە: "سۆفی ئەو کەسەیە کە لە ڕووی ڕوحییەوە خۆی لە ڕیزی یەکەمی نزیک لە خودا داناوە". (طعيمة ٢٠٠٥، ص ١٢)، سۆفییەکان پێیان وایە کاتێک شاعیر شیعرێک بۆ خۆشەویستی خودا بنوسێتەوە، ئەوا ئەو شیعرە دەچێتە خانەی تەسەوفەوە، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە لای ئەوان خۆشویستنی خودایە نەک خۆشەویستنی ئافرەت و دڵداری، ئەو شاعیرانەی سەر بە ڕێبازی سۆفیگەرین و شیعری لەم جۆرە دەنوسن تیایدا هەندێک وشەو زاراوەی وەک: ساقی، مەی، مەیخانە، بادەنۆشی، جام، سوراحی.....هتد لە شیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن. "شاعیر لە مەیخانە، کۆڕی بادە نۆشی دانیشتووە و مەی و جام و سوراحی لە دەستی ساقی وەردەگرێ و دەیباتە سەرەوە، ڕوودەکاتە شۆخێکی جوان و هەستی خۆی دەردەبڕێت.. جوانیەکەی.. لەنجەولاری..لێو بەخەندەی، کێ دەڵێ، لە چی دەدوێ..!؟ هەریەکەو بە جۆرێک لێکدەداتەوە ڕەنگە ئەوە ڕاستییەکە بێت وەک خۆی دەیڵێ و دوریش نییە مانا مەجازییەکەی مەبەست بێت" (حميد ١٩٧٨، ل ١٥)، دیاردەی سۆفیگەریی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات

بەتایبەت لای گەلانی موسڵمان باوە وەک کورد و عەرەب و فارس و ..... شیعری سۆفیگەریی ڕەگێکی قوڵی لەناو شیعرو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بە هەموو زارەکانەوە داکوتاوە، بە جۆرێک، کەم شاعیر توانیوێتی خۆی لە بابەتی سۆفیگەریی لابدات، چونکە ڕۆژانێک لە سەدەکانی پێشوو بە تایبەت دوای دامەزراندنی هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری ئەم دوو ڕەوتە بوونەتە جێگەی سەرنجی خەڵکی و بە پەرۆشەوە ڕوویان تێکردووە، بە جۆرێک تەکیە و خاناقاکان پڕ بوون لە دەروێش و شێخ و مورید، کاتێکیش دیاردەیەک بە شێوەیەکی فراوان لە سەردەمێکی دیاریکراودا ڕەنگبداتەوە و پەرەبسەنێت، دەبێتە جێگەی باسوخواسی شاعیران و ئەوانەی لەو سەردەمەدا خەریکی لێکۆڵینەوە و نوسین بوون.

ئەگەر بمانەوێ سەرەتای دیاردەی سۆفیگەریی لە ئەدەبی کوردیدا دەستنیشانبکەین، ئەوە کارێکی قورس و دژوارە، ئەمەش لەبەر نەبوونی بەڵگەی ڕاستودروست لەو بارەیەوە، بەڵام دەتوانرێ سەرەتایەکی نزیکی چەکەرەکردنی دیاری بکرێت "ناوەڕاستی سەدەی هەشتەم تا سەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی زاییني". (لەشکر ٢٠١٣، ل ٧٧)، ئەمەش ئەو قۆناغەیە، سۆفیگەریی دەیەوێت وەک ڕەوتێکی ئایینی خۆی بناسێنێت.

نەتەوەی کورد وەک سەرجەم نەتەوەکانی تری ئیسلامی کاریگەر بووە بە هەرسێ ئاستی (شەریعەت و حەقیقەت و تەریقەت) بە تایبەتی هەردوو ئاستی (شەریعەت و تەریقەت) زیاتر لەناو کلتور و ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە. (عبدالکریم ٢٠٠٩، ل ٢٠٢). زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی و لە ناویشیاندا شاعیرانی زاری گۆران شیعری سۆفیگەریی لە پەڕەی شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و خۆیان بە سۆفی و دەروێشی ڕێبازەکانی تەریقەتی سۆفیگەریی نەقشبەندی و قادری زانیوە، کە دوو تەریقەتی گەورە و بەناوبانگ و دژ بەیەکی سۆفیگەرین لە ناوچەکەدا، وەک دەبینین مەولەوی بووە بە پەروانەی شێخی سیراجەدینی یەکەم لە تەریقەتی نەقشبەندی، فەقێ قادری هەمەوەندی و ڕەنجووری خۆیان بە بچوک و دەروێشی کاک ئەحمەدی شێخ زانیوە، کە سەر بە تەریقەتی قادرییە... چەندان نموونەی تریش کە شاعیران لەبەردەم شێخەکانیاندا تواونەتەوە و خۆیان بە بچووک و خزمەتکاری ئەوان زانیوە.

## بەشی دووەم:

## کورتەیەک لە ژیانی مەلای جەباری:

ناوی فەتاح کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل سەید جانییە، لە ساڵی (١٨٠٦ز) لە ئاوای (بانگۆل)[١] ی ناوچەی جەباری[٢] سەر بە شاری کەرکوک چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. (کاکەیی ٢٠٠٥، ل ٣).

[١] بانگۆل یەکێکە لە لادێکانی ناوچەی جەباری لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، بە دووری ٥٠ کم لە نێوان سنوری عەشیرەتەکانی هەمەوەند و تاڵەبانی و زەنگنە و ناوچەی قەرەحەسەندایە و سەر بە ناحییەی قادرکەرەمە کاتی خۆی ناوەندێکی جەباری بووە. لە ساڵی ١٩٨٨ەوە ڕوخاوەو وێرانەیە. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٢٥).
لە کتێبی مێژووی ناودارانی کورد ناوی ئەم گوندە بە (مەنگۆل) هاتووە، کە هەڵەیە و پێناچێ هەڵەی چاپیش بێت چونکە هەردوای ناوهێنانەکە لە شوێنێکی تریش هەمان هەڵەی دوبارەی کردۆتەوە، دیسان لە دیاریکردنی مێژووی لە دایک بوون و کۆچی دوای شاعیر ١٠٠ ساڵی تەواو هەڵەی کردووە بەوەی مێژووەکەی بە (١٩٠٦-١٩٧٦) لە قەڵەم داوە. (قانع ٢٠١٩، ل ١٩٢).

شاعیر "لە تیرەی سید عبدالجباری[1] گەورەیە و نازناوی شاعیری بە (مەلا) ناسراوە" (محمد جباری، ١٩٨٦ ل ٩). "مەلای جەباری، یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ناوچەی جەباری لە هەندێک سەرچاوە بە (سەید فەتاحی جەباری) ناوی هاتووە". (ئەحمەد ٢٠١٣، ل ١٤٤). سەید مستەفای باوکی مەلا فەتاحی جەباری جگە لەوەی زانایەکی ئاینی بووە سەرۆک هۆزی (جەباری)[2]ش بووە، سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخی کوردستان و ململانێی تیرە و هۆز و میرنشینە کوردییەکان بەگشتی، کە هەڕەشە بووە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و ناوچەکانی کوردستان و ناوچەی جەباریش لەگەڵیدا، سەید مستەفا زۆری لا گرنگ و مەبەست بووە کە هەموو منداڵەکانی بنێرێتە بەر خوێندن و وانەی ئاینیان پێ تەواوبکات. (عەبدولعەزیز ٢٠١٨، ل ١٠). مەلا فەتاحیش منداڵێکی چوستوچالاک و زیرەک بووە هەر لە تەمەنێکی کەمەوە ئەمە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا ڕەنگیداوەتەوە. لەساڵی (١٨١٨ز) وەکو دابونەریتی ئەو ڕۆژگارە باوکی لە تەمەنی (١٢) ساڵی دەینێرێتە حوجرە بۆ لای (مەلا ڕۆستەم)[3]، کە مەلای گوندەکەیان بووە لە ماوەیەکی کورتدا بە وریاییەوە قورئان و کتێبە وردەکان تەواو دەکات، لە پاشان بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بە زانست و زانیاریەکانی خۆی بدات، گوندەکە جێدەهێڵێت و بە فەقێیەتی دەچێتە شاری کەرکوک و لە مزگەوتی (نائب ئۆغلۆ)[4] دادەمەزرێت پاش ماوەیەک لە خوێندن دواتر لەبەر چەند هۆیەک ئەوێ جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی لەوێش ماوەیەک دەمێنێتەوە و دواتر دیسانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکوک، دواتر دەچێ بۆ هەولێر و ڕەواندز و شنۆ، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوک. (جەباری ١٩٧٠، ل ٢١). مەلای جەباری لە کاتی دەستپیکردنی خوێندنی لە مزگەوتی (نائب ئۆغلۆ) ئارەزوو و کەڵکەڵەی شیعر وتن لە دڵ و مێشکی داوە. (جەباری ٢٠١٨). بۆچوونێکی تریش هەیە کە بۆ یەکەم جارە ئەوەی ئاشکرا کردووە سەرەتای خوێندنی مەلای جەباری بۆ خانەوادەکەی دەگێرنەوە و زانست و

---

[٢] ناوچەی جەباری، یەکێکە لەو ناوچانەی دەکەوێتە بەشی باشوری کوردستان، لە بەری خۆرهەڵاتی کەرکوک و خۆرئاوای شارۆچکەی چەمچەماڵ، خاوەنی ئەو زەوییانە بوون، کە لە ناویدا دەژیان و لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێیان بەخشراوە. (ئەحمەد ٢٠١٩، ل ٥٤).

[1] ناوبراو لە دانیشتوانی شاری (حەما)بووە لە شام، لەو سەردەمەدا پاشای عوسمانی، پێنج سەدە لەمەوبەر چەند پارچە زەوییەکی لە ناوچەی جەباری پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی خزمەتی تەکیەی جەباری پێ بکات، ئەویش بە ماڵ و خێزانەوە هاتە ناوچەکەو لە شوێنی ئێستای (تەکیەی جەباری)نیشتەجێ بوو، خەڵکیش خزمەتێکی زۆر باشی ئەم زاتە ئاینییەیان کرد، لە پاش ماوەیەکی کورت خۆی گەڕایەوەو شێخ شەرەفەدینی کوڕی لە شوێن خۆی بەجێهێشت. (محمد جباری ١٩٨٦، ل ٩).

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە جەبارییەکان سەیدەکانی ناوچەی (قەرەداغ)ن و لەبەر بێدەرەتانی شوێنەکە، شوێنی باو و باپیرانیان بەرەو ناوچەی جەباری نزیک کەرکوک بەجێهێشتووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. (مەلا عەبدولکەریم ٢٠٠٥، ل ١٤١-١٤٢).

(سەید عەبدول جەبار) لە ساڵی ١٤٧٠ز لە تەکییەی قەرەداغەوە لەگەڵ سەید شەرەفەدینی کوڕی دێنە ئەم سنورە کە ئێستا پێی دەڵێن جەباری. (جەباری ٢٠٢٠).

[2] جەبارییەکان بەشێکی زۆری کوردی کەرکوک پێکدەهێنن، و زۆربەیان لە کەرکوک نیشتەجێن، ناوچەی جەباری شوێنی هۆزی جەبارییە، پێشتر بە تەکییەی جەباری وتراوە (سەلباتوو). (ئەحمەد ٢٠١٥، ل ١٩).

ئەم هۆزە چەندین کەسایەتی ناوداری تێدا هەڵکەوتووە وەک (مەعروف عبدالغنی رصافی) شاعیر و (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) گۆرانی بێژو ...چەندانی تریش. (زاهیر ١٩٩٩، ل ١٢٠).

[١] مەلا ڕۆستەم مەلای گوندی بانگۆل بووە، سەرسام بووە بە زیرەکی و لێهاتووی مەلای جەباری، بۆیە پاش ماوەیەک لە خوێندن پێی دەڵێت: تۆ لە من زیرەکتری و دواتر دەینێرێ بۆ کەرکوک بۆ ئەوەی لەوێ زیاتر بخوێنێ و ئاسۆی بیر فراوانتر بکات. (جەباری ٢٠١٨)

٢) پیاوێکی شیعر دۆست بووە، مزگەوتەکەی خانەقای شاعیران بووە، شێخ ڕەزای شاعیریش لەم مزگەوتە شیعری نوسیوە. (جەباری ٢٠١٨)

زانیاری و خوێندنی لەوانەوە وەرگرتووە پاشان پەیوەندی بە ناوەندەکانی خوێندن لە کەرکوک و لە ناویشیاندا (خوێندنگای ساداتی جەبارییەکان)[٣] لە کەرکوک کردووە. (علي قرداغی ٢٠٠٤، ل ١٠٨).

مەلای جەباری گەلێک شیعری تەڕو پاراوی لە بابەتەکانی سۆفیگەری، خۆشەویستی (دڵداری)، وەسفی سروشت، جوانی ئافرەت، ئاینی، ستایش، سەرزەنشت، سکاڵا، داشۆرین، گاڵتەو گەپ، نامەی شیعریی، سکاڵا لە نسیبی...هتد نوسیوە، تا لە ساڵی (١٨٧٦ز) لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە ئاوای (تاوێر بەرز) کۆچی دوای دەکات و دنیای کاتی جێدەهێڵێت، پاشان لەسەر وەسێتی خۆی دەبرێتەوە زێدی لەدایکبوونی، کە ئاوای (بانگۆل)ە لەوێ ئەسپەردەی خاک دەکرێ، بەم جۆرە مۆمی ژیانی یەکێک لە شاعیرە پایە بەرزەکانی کورد دەکوژێتەوە و ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی شیعرو ئەدەبی کوردیدا ئاوا دەبێت. (محمد جباری، ١٩٨٦ ل ١٢).

## ڕەنگدانەوەی بیری سۆفیگەریی لە شیعرەکانی مەلای جەباریدا:

مەلای جەباری وەک شاعیرێکی ناوچەی کەرکوک و جەباری ڕێگای سۆفیگەریی گرتووە و ئەم باسە لە دنیای شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. مەلای جەباری لە ڕێگای وەسفی سروشتەوە چۆتە ناو دنیای سۆفیگەری، ئەمەش پێشینیەکی کۆنی لە ئەدەبیاتی زاری گۆراندا هەیە چونکە، "یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی پێگەی سروشت لە نەریتی ئەدەبی گۆرانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونی بیری سۆفێتی لەم نەریتەدا". (سەجادی ١٣٩٥، ل ١٤١)، بۆیە دەبینین مەلای جەباری لێزانانە و بە وردی لە ناو وێنەکانی سروشتەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو جیهانی سۆفیگەریی و عیرفان و بەگرنگییەوە لەم مەسەلەیەی ڕوانیوە.

شاعیر لە شیعری (بەهار)دا دەڵێت:

درەختەن سەوزەن شنۆی شەتـــــــــاوەن

نەورۆزەن سۆزەن هەوای پای کـــــــاوەن

شاعیر سروشتی جوانی کوردستان بە دارودرەخت و ڕیچکە و خوڕەی ئاوەکانی و سەوازییە قەشەنگەکەی بە وشەی جوان و ڕازاوە و بەبەرگێکی هونەری کردووە بە دەرەچەی تێپەڕین و چوونە ژورەوە بۆ ناو دنیای عیشقی حەقیقی کە مەبەست لێی ڕێبازی سۆفیگەرییە واتە خۆشەویستی ڕاستەقینەی خودایی.

مەیەن مەعشوقەن موحەبەتەن مەیلەن

خـەمان لەب ڕێزەن پیاڵانــی کەیلـــــەن

مەی/بادە و نۆشینی لە پیاڵەی شاعیرانی سۆفیگەری هەمیشە سازو ئامادەیە تا لە ڕیگەی نۆشینی ئەو مەیە مەجازییەوە بچنە ناو دنیای خەیاڵ کە تیایدا شاعیر خەموناخۆشی دنیای بیردەچێتەو و دەچێتە ئەو دنیا جوانەی کە لە بیروخەیاڵیدا وێنەی کێشاوە تا لەگەڵ خۆشەویستەکە کە خودایە گفتوگۆ بکات.

شـەڕەن شۆڕشەن غەوغان غـــــــــــرێوەن

مـەر جیلوەی جەمال دڵان فریـــــــــــوەن

[٣] لەم مەدرەسەیەدا چەندین کتێب و نوسەری بە توانای نوسراون و هەڵکەوتوون . (علي قرداغی ٢٠٠٤، ل ١١).

شەڕوشۆڕو غەوغایە/ گریان و ناڵەو پاڕانەوەیە، لەم بارودۆخە سەخت و ناخۆشەدا مەگەر تەنها دیمەنی جوانی دڵدارەکەی/خودا دڵی فریو بدات و سەرنجی ڕابکێشێت و دڵخۆشی بکات.

نـە گشت دیاریێ تەجەلای تــــــــــــورەن

فیتنەی گیرودار قەتل مەنســـــــــــورەن

فیتنەی ئاشوبی کوشتنی مەنصوری حەلاج لەگشت لایەکەوە ڕوی خوای گەورەی دەرخست هاوشێوەی سەرگوزشتەی موسا لە کێوی طوڕ لە شوێنی بەیەکگەیشتن/ قسەکردنی خودا و پێغەمبەر مووسا، بەستنەوەی چیرۆکی موسا و مەنصوری حەلاج کە تیایدا خودای گەورە قەترەیەک لە نوری خۆی پیشانداوە کە بۆتە هۆی سوتانی کێوی طور. واتا کوشتنی حەلاج وای کردووە کە خودای گەورە لە هەموو لایەکەوە نوری دەرکەوێت و دیاربێت بۆ سوتاندنی بکوژانی حەلاج، کە ڕۆچوون لە سۆفیگەریدا وایلێکردووە خۆی بە خودا بزانێت و ئەمش ببێت بە بەهۆی کوشتنی.

فـەنا فیلاهان مەست دڵ ئەفگـــــــــان

بـێ باک مەواچان انی انـــــــــــا اللـه

توانەوە لە عیشقی خودادا، یەکێکە لە چەمکە دیارەکانی ڕێبازی سۆفیگەری کە بە (فەنا فیلا) ناودەبرێ پلەیەکە کە پەیڕەویکەری ئەو ڕێبازە پێیدەگەن، یەکێکە لە پایەکانی ڕێبازی سۆفیگەری کە پایەیکی بەرزە گەیشتنە بە فەنافیلا، کە سۆفی بەبڕوای خۆی لەناو خۆشەویستی خودادا تواوەتەوە، میکانزمی گەیشتن بە خودا لای هەر تاکێک بە جۆرێکە، لای ئەهلی تەسەوف پاش بڕینی چەن پلەیەک بەم پایەیە دەگەی، کە کۆتا قۆناغی گەیشتن بە خوایە.

مەنصوری حەلاج بەهۆی توانەوە لە عیشقی خودایدا بێ باکانەو بێ ترس هاواری ئەوەی دەکرد ئەو خوایە، چونکە ڕاستگۆیە و خوداش ڕاستییە.

ڕەنـــــدان سەرمەست جان فیدای جانن

انــا الحق زیـــــکر زاهـــید مەوانـــــــــان

بــۆ تا بگێڕرین خوسرەوی بەزمـــــــێ

چـەنی هەستییە بـــــــکەرین ڕەزمـــــــێ. (جەباری مەلای ١٩٦٨، ل ٣٥-٣٦).

ئەو ڕۆچوونە مەجازییەی خۆشی و بەزمی تێدا دەگێرین بە خەیاڵەوە دنیای عاریف و سۆفییەکانە کە ساقی و مەی و مەستی دەکەنە هۆکارێک بۆ گەیشتن بەو حەزو ئاواتەی کە بە خولیایەوە دەژین، شاعیر داوای ئەو خۆشییە لە ساقی دەکات، کە پێکەوە بەشداربن و ئەنجامی بدەن.

نۆشینی مەی و خۆشەویستی ئەو ڕێبازە، خەم و پەژارە لادەبات کاتێ پیاڵەی پڕ لە بادە ئامادە دەکرێن، شەڕو ئاشوبەیەو کاتی شۆڕشە، دەنگی ناخۆشی بێگانە بێزاری کردووین، مەگەر بەزەیی خودا ئەم شەڕەمان لەسەر لا ببات و دڵمان ڕوونکاتەوە، لە گشت لایەکەوە ڕووی خوای گەورە ئامادەیە وەک چۆن لە کێوی طور لە هەمولایەکەوە خودا ڕووی لە موسا کرد، توڕەیی خوای گەورەش بەهۆی کوشتنی مەنسوری حەلاجەوەیە، ئەوانەی فەنافیلا بوون، واتە لەناو زاتی خوادا تواونەتەوە و کەوتونەتە دنیای خەیاڵەوە، بێ ترس دەڵێت: من خودام، ئەوانەی کەوتونەتە دنیایەکی ترەوە و سەرمەست بوون، من حەق و

ڕاستیم، واتا من خودام، چونکە خودا ڕاستی و حەقیقەتی لایە، وەرە ئێمەش با بەزمی خوسرەوی بگێڕین، تا هەست بە خۆشی بکەین. مەلا لە وەسفی جوانی سروشتەوە بەرەو دنیای خواناسیی و تێکەڵ بە بیری سۆفیگەریی بووە، لە ناخۆشیدا تەنها دڵدارەکەی، کە مەبەستی خودایە دڵی فریوئەدات و دڵخۆشی دەکات، لەم باسانەوە بەرەو سۆفێتی قوڵ دەبێتەوە و ئەکەوێتە ئەو جیهانە نموونەییەوە ئەیچوێنێت بە دەرکەوتنی کێوی طور یان ئەو پەشێوییەی لە کوشتنی مەنسوری حەللاجەوە بەرپابووە، تەنها لەبەرئەوەی وتوویەتی من حەقم واتا من خوام، چونکە لە زاتی ئەودا (خودا)دا توابۆوە، مەلا بە بۆچوونی خۆی بانگی مەیگێڕ دەکات و دەڵێت: ئێمەش با سەرمەستی ئەو یادەبین تا تەمەنمان ماوە بەزمی خوسرەوی بگێڕین. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٣٨). شاعیر باسی ئازارەکانی مەنسوری حەللاج لەگەڵ ئازارەکانی پێغەمبەر موسا بەراورد دەکات، بەوەی فیرعەون زۆر ئازاری موسای داوە و ئەمەش بوە بەهۆی توڕەیی خوای گەورە، کە لەئەنجامدا کێوی طوری سوتاندووە، بەڵام ئەو ستەمەی لە مەنسوری حەلاج کرا کەم وێنە بوو، تەنها لەبەرئەوەی ووتویەتی من ڕاستیم لەپاش ئازاردانێکی زۆر بـێ ڕەحمانە بـە دەسـت و قـاچ بەستراوی کوشتویـانە. (جەباری ٢٠١٣، ل ١٦)، مەبەستی شاعیر ئەوەیە، کە زۆر زیاتر لە موسا ئازاری مەنسوری حەللاج دراوە، خودای گەورە تۆڵەیەکی بە ئازارتر لەوەی کە بەسەر فیرعەونی هێنا بەسەر بکەرانی ئەوکارە بهێنێت.

مەلای جەباری شارەزاییەکی باشی لە چیرۆک و ڕووداوە ئاینییەکان هەبووە و ئاگاداری بەسەرهاتی پێشینەکان بووە، کە ئەمەش لایەنی ڕۆشنبیری و بە ئاگایی مەلا پیشاندەدات، کە چۆن مەلا ئەم ڕووداو و بەسەرهات و جیهان بینییەی خۆی تێکەڵ بە هونەری شیعر کردووە و لەڕێگایانەوە پەیام و مەبەستەکانی خۆی دەگەیەنێت بە خوێنەر و بیسەر.

شاعیر لە بەردەوامی شیعرەکەدا دەڵێت:

ئەی ساقی دەخیل من وەی زامـەوە

ئیلتیفاتێ کــــەر بۆ وەلامــــــــەوە

عیلاجـــێ پێم دەر سود مەندم بـوو

باعث حـــــەیات قەید بـەنـــدم بوو

ڕزگارم کـــە لەی بەند و دامـــــــە

قەدەم ڕەنجان کەر وەعدەم تەمامە

بۆ دەربازبوون لەو ناخۆشییە شاعیر تێیکەوتووە، پێویستی بە بەهاناوە چوونی خودایی هەیە، کە سۆفییەکان لە ڕێگەی وشەی ساقییەوە کە مەبەستیان خودایە ئەو داوایە دەکەن، سۆفییەکان زۆرجار هانا بۆ شێخەکانیان دەبەن و لێیان دەپاڕێنەوە تا ئاستی بەپیرۆزکرن، شێخەکەی بەپیرۆز دەزانێ و دەیکات بە هۆکاری گەیشتن بەخودا، بەڵام شاعیر لێرەدا ڕاستەوخۆ داوای بەهاناوە چوونی لە خودا دەکات، کە خەریکە کاتی بەسەر ئەچێ و پێویستی بە ڕزگاربوونە لە نائومێدی و ناخۆشی.

تەشـــریف با وەرە وەو ســـەبووتـــەوە

وەو پیاڵەی گــوڵ ڕەنگ چون یاقوتەوە

وەو سینــەی سیمیـــــــــن زەرف زەڕەوە

وەو جام گوڵ فام بـۆی عەنبـــــــــەرەوە

سۆفییەکان خودا بە نوور و ڕوناکی بریسکەدار و وەسفکردنی خودا بە کەلوپەلی بەنرخی وەک یاقوت و مەرجان و بۆنی میسک و عەمبەر پیشان دەدەن، کە ئەمەش لە ئەنجامی گەشبینیانەو بەو جۆرە وەسفانە لەڕێگەی ناوهێنانی ساقییەوە/خودا داواکارییەکانیان بەرزدەکەنەوە تا ئەنجامێکی هەبێ، ئەویش گەیشتنە بە خوداو بەهەشتەکەی.

هەرکەس بگیلۆ جامێ پـەی کامـــــــێ

دەرمان پەی ئێش هەر دەردو زامـــێ

موتریب تۆش وە چەنگ دڵ نـــوازەوە

وەو سۆزو سەمتور سەدای سـازەوە

ئەو مەیەیی مەلای جەباری باسی نۆشینی دەکات مەیێکی خوداییەو جامەکەی لە ئاسمانە، هەرکەس لەو مەیە بنۆشێ دڵ و دەروونی ئارام دەکاتەوە. هەر کەسێک پیاڵەی مەی بنۆشێ/مەستی خودابێت ئەوە دەربازی بووە و برینی چارەسەر بووە، کە بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە، (نۆشینی مەیی) چەمکێکی باوی سۆفیگەرییە لە ڕوانگەی فەلسەفەی عیرفانەوە، کە زۆرێک لە شاعیرانی کورد ئەو چەمکەیان لە شیعرەکانیان بەکارهێناوە، نموونەی ئەوانەش (ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و مەحوی و ...)، ئامێرە مۆسیقییەکانیش لە کۆڕی مەینۆشیدا ئامادەن و سەداو خۆش ئەچڕێنن بە گوێماندا تا بەزمی بادەنۆشی زیاتر بەچێژ بکەن.

وەو مۆزیقەی مەشـــــق سەد قانونـــــــــــەوە

دەم وەسەدای ســـــاز ئەرغە نوونـــــــــــەوە

مەرباچان (مەلا)یش نە هەستی وێش ڕەست

بی وە کاسە لــــێس مـەستان ئـــــــــــەلەست. (جەباری مەلای ١٩٦٨، ل ٣٧-٣٨).

ئامێرە مۆسیقییەکان هۆکارێکن بەدەست سۆفییەکانەوە تا لە ڕێگەیەوە کۆڕی مەیخانە خۆش بکەن، کە تیایدا ئاواز و سەدای خۆش بچڕێنن بە گوێی شاعیردا، تا لەڕێگەیەوە هەستی بجوڵێت و سەرمەستی بکەن، لە دنیای واقعی/مادی دەربچێت و بچێتە ئەو دنیایەی مەبەستێتی، تا لەو دنیایەدا ببێتە خزمەتکاری بارەگای خودا.

ئەی خودایە دەخیلت بم چارەسەرێکی برینم بکەو بێ بەلامەوە، هۆکارەکانی ژیان بەندیان کردووم چارەسەرێکی بەسودم بەرێ، ڕزگارم بکە لەو کۆت و بەندە، خەریکە کاتم بەسەر دەچێت، خودایە پایەداری بەرقەرار بکە، وەک گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هاوشێوەی یاقوت و مرواری بریسکەدار، بەو سینگە سپییەی کە وەک ئاڵتون جوان و بریسکەدارە، مەبەست لە نوری خودایە، بەو گوڵەی بۆنی عەنبەری

خۆشی لێ دێت، هەرکەس بگێڕێت کوپێ لەو لەزەتە، دەبێتە دەرمانی ئێش و برینی هەموو دەردەدارێ، ئاوازلێدەر تۆش بە ئامێری مۆسیقی چەنگی دڵنەوازەوە، بە سۆزی سەمتورو سەدای سازەوە، بەو مۆسیقایەی چەندین جۆر ئاوازی هەیە، دەم بە دەنگی ساز و ئەرغەنونەوە، کە ئامێرێکی مۆسیقییە، مەگەر بڵێین: مەلاش بێ هەستە و لە مەستی و بێئاگایدا دەبێتە کاسەلێسی باری خودا، شاعیر هاوار دەبات بۆ ساقی کەمەبەستی خودایە لە دنیای خۆشەویستی و عیرفاندا، داوای بەهانەوە چوون و ڕزگاربوون دەکات لە ڕێگەی نۆشینی مەیەوە، داوا دەکات خودا بچێت بەدەمیەوە و لە نوری خۆی بێبەشی نەکات، بۆ دەبڕینی ئەم هەستە مەلا چەمکە عیرفانییەکانی لە چەشنی ساقی و مەی و بادە و نۆشین و .... بەکارهێناوە و تێکەڵ بە مۆسیقاو ئامێرە مۆسیقییەکانی کردووە، تا لەڕێگەیەوە بچێتە دنیای بێئاگایی و مەستییەوە، ئەم بێئاگایی و مەستییە مەجازە نەک ڕاستەقینە.

ئاوڕدانەوە لە مێژوو و داستانەکانی عیشق و تێکەڵکردنی کەرەستە مۆسیقیەکانی وەک سازو سەنتور و چەنگ و نەی و کەرەستەکانی مەیخواردنەوە، دواتر داوا لە ساقی دەکات بچێتە لایەوە و چارەسەری دەردی بکات بۆ ئەوی ژیانی نوێ بێتەوە، چونکە لای ئەو بەو بێئاگایی و سەرمەستییە لەدەردو ناخۆشییەکان ڕزگاری دەبێت، جیهانی ئایدیا و گیان لەدەستدان و مسۆگەرکردنی ئەو جیهانە هەمیشەییە، هەر بە حاڵی بێئاگایی و مەستییەوە داوا لە مەیگێڕو خۆشخوان دەکات، کە بە خۆیان و کەرەستەکانیانەوە بەشداری ئەو مەستییە بکەن، ئەوەش وەک هۆکارێکی ڕزگاربوون و ئۆقرەگرتن، شاعیر لەوێدا ئەبێتە کاسەلێس و نۆکەری باری خودای، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆژی ئەزەل و سەرەتای دروستبوون، کە لەو ڕۆژەدا خودا فەرموویەتی (ألست بربکم)[1]. (سەعید ٢٠٠٨، ل ١٣٩).

شاعیر کۆمەڵێک زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە بۆ نموونە (مەی، پیاڵە، جیلوە، جەماڵ، تەجەلا، فەنا فیلا، زاهد، ساقی، ئەلەست).

بەم جۆرە دەتوانین ئەو ڕاستییە بسەلمێنین، کە مەلای جەباری ڕێبازی سۆفیگەریی هەڵبژاردووە، چونکە مەلا لە کێشانی وێنەی سروشتەوە قوڵ ئەبێتەوە بۆ دنیای سۆفیگەریی، شاعیر لێزان و فەیلەسوف و شارەزا و بیر فراوانێکی بورای مێژوو ئایین و ڕێبازەکانی بووە، کە بە شێوازێکی زۆر هونەرییانە ئەو ڕوداو و چەمکە ئایینیانەی لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هیچ دەقێکی شیعری مەلا ئەوە دەرناخەن، کە سەر بە کام گروپ و تەریقەتی سۆفیگەریی بووە، ڕەنگە ئەمەش بە هۆی ئەو ململانێیەی نێوان تەریقەتەکانەوە بوو بێت و مەلا نەیوستبێ بچێتە هیچ کام لەو دوو بەرە ناکۆک و دژبەبەیەکە، بەڵکو هەوڵیداوە هاوسەنگی ڕابگرێت و بە شێوەیەکی بێلایەنانە چوتە دنیای سۆفیگەرییەوە.

## ئەنجام:

١. شاعیر لەڕیگای وەسفی سروشتە شۆڕۆبۆتەوە بۆناو قوڵای دەریای سۆفیگەری و ئاوێتەبوونێکی جوانی لەنێوان سروشت و سۆفێگەری دروستکردووە.

---

[1] قورئانی پیرۆز، سورەتی الاعراف، ئایەتی ١٧٢.

٢. مەی نۆشی ڕێگایەکە کە شاعیر ئەیەوێ لە ڕێگایەوە لەدنیای مادی دەرچێت و بچێتە دنیای عەشقی مەجازییەوە، لای سۆفییەکان عەشقی مەجاز پردێکە بۆگەیشتن بە عەشقی حەقیقی.

٣. شاعیر لەڕێگای فەنابوونەوە لەدەوروبەر دادەبڕێت و لەناو خودادا دەتوێتەوە، سیفەتە خراپەکان بە سیفەتە خواییەکان دەگۆڕێتەوە.

٤. سازو سەمتورو ئامێرە مۆزیقییەکان کۆمەڵە ئامرازێکن بەدەست شاعیرەوە تا بەزم و خۆشی و مەست بوون و هەستی چوونە ناو دنیای عیشق و خۆشەویستی ڕاستەقینەی پێ ئەنجام بدات.

٥. پاک بوونەوەی نەفس ئامانجی شاعیرە ئەویش لەڕێگای فەنابون/توانەوە لەناو خودادا، ڕۆچوون بەناو دەریای خۆشەویستی خودایی و بوون بە خزمەتکاری خودا

**لیستی سەرچاوەکان:**


١- عەلی رسول، جەعفەر. (٢٠٠٨)، **سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.**

٢- وەسمان، محمد. (٢٠١٣)، **فەلسەفەی سۆفیگەری ئیمامی غەزالی، بنعەرەبی، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی.** چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣- شێخ علاالدین، ئەمین. (٢٠٠٢)، **تەسەوف چییە؟** چاپی دووەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

٤- الشیخ خالد مفتی، حسێن. (١٩٩٧)، **جیهادی ئەهلی تەسەوف.** چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- لەشکر، حەیدەر. (٢٠١٣)، **لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت.** چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٦- عبدالکریم، سەبور (٢٠٠٩)، **ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەتی لای مەحوی و حافزی شیرازی،** چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٧- سەعید، مەحەمەد، ئەحمەد . (٢٠٠٨)، **کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی.** چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨- کاکەیی، هەردەوێڵ. (٢٠٠٥)، **دیوانی مەلا فەتاحی جەباری.** چاپخانەی شڤان.

٩- محمد جباری، عبدالجبار. (١٩٦٨)، **دیوانی مەلای جەباری.** چاپخانەی شارەوانی، کەرکوک.

١٠- ئەحمەد، کازم. (٢٠١٣)، **جوگرافیای کەلتووری ناوچەی جەباری.** چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

١١- عەبدولعەزیز، فەرهاد. (٢٠١٨)، **دیوانی مەلا سەید فەتاحی جەباری.** چاپخانەی ڕێنوین.

١٢- جەباری، شێرزاد. (١٩٧٠)، **گوڵزار**. چاپخانەی شارەوانی، کەرکوک.

١٣- قادر، قانع. (٢٠١٩)، **مێژووی ناودارانی کورد**. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

١٤- ئەحمەد، کازم. (٢٠١٩)، **لە پەراوێزی ئەنفالی سێدا گوندی کوڵەبان بە نموونە**. ناوەندی سارا، سلێمانی.

١٥- مودەڕس، مەلا عەبدولکەریم. (٢٠٠٥)، **بنەماڵەی زانیاران**. ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە.

**گۆڤار:**

١٦- سەجادی، بەختیار. (١٣٩٥)، شێوازناسیی وێژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان. **پژوهشنامە ادبیات کردی**، دانشگاە کردستان، سنە. ١، ل ١٢٥-١٤٧.

١٧- حمید، عبدالکریم. (١٩٧٨)، سۆفی و ئەدەبی سۆفیزم. **گۆڤاری بەیان**. ٤٩، ل ١٥.

١٨- جەباری، کازم. (٢٠١٥)، سەڵباتوو بونیادی مێژوو جوگرافیایی ناوچەیەک. **گۆڤاری سەڵباتوو**. ١، ل ١٩.

١٩- ڕۆژبەیانی، زاهیر. (١٩٩٩)، گەشتێک بە شیعرەکانی مەلا فەتاحی جەباری دا. **گۆڤاری هاواری کەرکوک**. ٤، ل ١٢٠-١٢١).

**ڕۆژنامە:**

٢٠- جەباری، سەردار. (٢٠١٣)، مەلای جەباری و نەورۆز. **ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**. بەشی دووەم، ژ ٦٠٥٥، ل ١٦ - ٢٠١٣/٤/١٩.

**چاوپێکەوتن:**

٢١- جەباری، سەردار. **چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە**، سلێمانی. ٢٠٢٠/١٢/١.

**سەرچاوە بە عەرەبی:**

٢٢- **القرأن الكريم**.

٢٣- علي قرداغی، محمد. (٢٠٠٤)، **هوية كركوك الثقافة والأدارية**. مكتبة المدرية العامة للثقافة وافنون، اربيل.

٢٤- طعيمة، صابر. (٢٠٠٥)، **التصوف والتفلسف، الوسائل والغايات**. المطبعة مكتبة مدبولي، القاهرة.

**بەرنامەی تەلەفیزیۆنی:**

٢٥- جەباری، عەبدولستار. (٢٠١٨). **بەرنامەی قەڵەندەرخانە چاوپێکەوتن لەتەلەفیزیۆنی کەناڵ ٢٤،** [ئۆنلاین].دەست دەکەوێت لە:

https://www.youtube.com/watch?v=sPwT9zO1KTk&feature=youtu.be

(ڕۆژی سەردان ٢٠٢٣/١١/٢٠).